**وەزارەتی پەروەردە**

**ژمارە :(٥٦٢٩) لە ٢٠٢٠/٦/١٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە بەندی (١٣) ماددەی (٩٣)ی سیستەمی خوێندن و فێرکردنی پیشەیی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٧ ، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :-

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی٢٠٢٠

## ڕێنمایی تایبەت بە خوێندن و فێرکردنی پەروەردەی پیشەیی لە قۆناغی بنەڕەتی

**ماددەی (١):**

**أ- ناساندنی زاراوەکان:-**

**وەزارەت**:- وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**وەزیر**:- وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان

**بەڕێوەبەری گشتی**:- بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی.

**بەڕێوەبەرایەتی**:- بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی پیشەیی لە وەزارەت

**قوتابخانە**:- قوتابخانە بنەڕەتیەکانی خوێندن و فێرکردنی پەروەردەی پیشەیی تێدایە.

**کارگێری**:- بەشی کارگێری پیشەیی لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان.

**سەرپەرشتیار**:- سەرپەرشتیاری پەروەردەی پیشەیی.

**یاریدەدەر**:- یاریدەدەری هونەری

**مامۆستا**:- مامۆستای پیشەیی.

**ڕاهێنەر**:- ڕاهێنەری هونەری لە بواری پیشەیی

**ب- مەبەست لە پەروەردەی پیشەیی:-**

فێرکردنی پیشەیی لە قۆناغی بنەڕەتی کە بە پەروەردە پیشەییەکان دەناسرێت، سەرەتاکانی فێرکردنی پیشەیی دەخوێنرێت بەشێوەی **(تیوری و کرداری)** کە بە شەکانی (**سیرامیک ، کانزاکان ، دارتاشی ، چنین ، گوڵ دروست کردن ، کارەبا ، وێنەی ئەندازەیی.......**) شان بەشانی وانەکانی بنەڕەتی وەک وانەیەکی سەربەخۆ دەخوێنرێ بۆ هاندانی قوتابیان و خوێندکاران بۆ ئەوەی لە دوای قۆناغی بنەڕەتی بچنە ئامادەییە پیشەییەکان.

**ماددەی (٢): پەروەردەی پیشەیی ئەم ئامانجانە دێنێتەدی:**

١- ئاشناکردنی قوتابیان بە ئامێرو کەرستەکان و شێوازی پاراستنیان لە ڕێگەی ڕاهێنان.

٢- گەشەپێدان و توانای قوتابیان لە بواری پیشەدا.

٣- ئاشناکردن وئارەزوو خوازی قوتابیان بۆ ئامادەییە پیشەییەکان.

٤- شارەزا بوون لە چۆنیەتی خۆپاراستن لە کاتی کارکردنی پیشەدا.

**ماددەی (٣): بەشی کارگێڕی پیشەیی پێک دێت لە:-**

**یەکەم :** یاریدەدەری هونەری

**أ- یاریدەدەری هونەری (پیشەیی) :**

بەمەبەستی زیاتر ڕێکخستنی کاروبارەکانی پەروەردەی پیشەیی یاریدەدەرێکی هونەری دادەنرێت بە هەماهەنگی بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری پەروەردەی پیشەیی، پێویستە دەرچووی زانکۆی تەکنیکی بێت خزمەتی زیاتر لە (٥) ساڵ بێت وەک مامۆستای پیشەیی، لە کاتی نەبوونی دەرچووی زانکۆی تەکنیکی دەرچووی پەیمانگایی تەکنیکی دابنرێت خزمەتی (٧) ساڵ کەمتر نەبێت بەدەر لە ڕێژەی یاسایی یاریدەدەری قوتابخانەکانی تر.

**ب/ ئەرکەکانی یاریدەدەری هونەری**

١- دانانی پلانی ساڵانەی پێشخستنی پیشەیی.
٢- ڕێکخستنی میلاکی پیشەیی.
٣- بە دوا داچون و سەرپەرشتی دەوامی مامۆستایان و فەرمانبەرانی پیشەیی.
٤- بە دوا داچون و سەرپەرشتی چالاکیی و وانە پیشەییەکان.
٥- بە دوا داچون و سەرپەرشتی ئامێروکەل وپەلەکانی پەروەردەی پیشەیی.
٦- بەر پرسە لە سەرجەم تۆمارەکانی بەشی پەروەردەی پیشەیی .
٧- دابەشکردنی وانەکان بەپێی پسپۆری و بەشەوانەکان.
٨- سەرپەرشت و بە دواداچوون بۆ چۆنیەتی وتنەوەی وانەکان.
٩- ووتنەوەی بەشە وانەی دیاری کراو هاوشێوەی یاریدەدەرانی قوتابخانە بنەڕەتیەکان.

**ج- مەرجەکانی دانانی یاریدەدەر:**

لە کاتی دانانی یاریدەدەری هونەری پیشەیی دەبێت سەرپەرشتیاری پەروەردەی پیشەیی کەسێک دەست نیشان بکات بەپێی ئەو مەرجانەی لە خوارەوە دیاری کراون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا فەرمانی کارگێری بۆ دەردەچێت:

١- یەکێک بێت لە میلاکی مامۆستایانی پیشەیی.
٢- پێویستە بڕوانامە و ساڵانی خزمەت و هەڵسەنگاندن ڕەچاو بکرێت وەک لە ماددەی (سێیەم/ یەکەم/ أ)ی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە.
٣- توانای بەڕێوەبردن و چاودێری کردنی هەبێت و کەسێکی پەروەردەیی بێت.
٤- پێویستە کارگێڕی قوتابخانەکە پەسەندی بکەن.

**دووەم :** مامۆستای پیشەیی

**أ- مامۆستای پیشەیی :**

مامۆستای پیشەیی دەبێت دەرچووی زانکۆی پسپۆری پیشەیی بێت لە کاتی نەبوونی دەرچووی زانکۆ بۆ پسپۆری پێویست دەکرێت سوود لە دەرچووانی پەیمانگاکانی تەکنیکی + دەرچووی ئامادەیی پیشەیی وەربگیرێت بەم مەرجانەی خوارەوە بۆ کردنیان بە مامۆستایی پیشەیی:-

- دەرچووی پەیمانگایی تەکنیکی دەبێت چوار ساڵ خزمەتی هەبێت لە پسپۆری دیاریکراو وانەی تیۆری و کرداری ووتبێتەوە.
- دەرچووی ئامادەیی پیشەیی دەبێت پێنچ ساڵ خزمەتی هەبێت لە پسپۆری دیاریکراو وانەی تیۆری و کرداری ووتبێتەوە.

**ب - ئەرکەکانی مامۆستا:**

١- پابەند بوون بەدەوامی فەرمی.

٢- پۆشینی جل وبەرگی کارکردن.

٣- پابەند بوون بەپرۆگرامی خوێندنی پیشەیی.

٤- هەبوونی پلانی ساڵانە و ڕۆژانە (دفتر خطة)

٥- بەشداری کردن لە سەرجەم چالاکی و پێشانگەکانی پەروەردەی پیشەیی.

**سێیەم :** ڕاهێنەری هونەری

**أ- ڕاهێنەری هونەری**

یاریدەدەری مامۆستای پیشەییە وانەکانی تیوری و کرداری لە پەروەردە پیشەییەکان دەڵێتەوە پێویستە دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی یان ئامادەیی پیشەیی بێت ساڵانە هەڵبسەنگێندرێت بەپێی ڕێنماییەکان.

**ب - ئەرکەکانی راهێنەری هونەری:**

١- پابەند بوون بەدەوامی فەرمی.

٢- پۆشینی جل وبەرگی کارکردن.

٣- پابەند بوون بەپرۆگرامی خوێندنی پیشەیی.

٤- هەبوونی پلانی ساڵانە و رۆژانە (دفتر خطة).

٥- بەشداری کردن لە سەرجەم چالاکی و پێشانگاکانی پەروەردەی پیشەیی.

**ماددەی (٤):**

**تۆمارەکان:** پەروەردەی پیشەیی پێویستە بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەم تۆمارانەی هەبێت:

١- تۆماری میلاک.

٢- تۆماری ئامادەبوون.

٣- تۆماری ئامێرەکان.

٤- تۆماری کەل وپەل (محاسبە١٣).

٥- تۆماری چالاکی.

٦- تۆماری خەرجی.

٧- تۆماری سەردانی سەرپەرشتیاران.

٨- تۆماری کەل و پەلی بەکار هاتوو.

٩- هەر تۆمارێکی تر پێویست بێت.

**ماددەی (٥):**

**میلاک:-** دابەشکردنی میلاک بە پێی پسپۆری و کارامەیی بە هەماهانگی یاریدەدەر و بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیار دەبێت پێویستە ڕەچاوی کۆی گشتی بەشەوانەکان بکرێت.

**بەشەوانەی پەروەردەی پیشەیی**

١- هەفتانە دوو بەشە وانە دەخوێنرێت.

٢- پێویستە بەشەوانەکان لەدوای یەکەوە بن لە یەک ڕۆژدا وانەی یەکەم تیۆری و وانەی دووەم کرداری بێت.

٣- بەشەوانەی مامۆستای پەروەردەی پیشەیی هاوشێوەی مامۆستایانی بنەڕەتی دەبێت.

٤- هەربەشەوانەیەکی کرداری بە (٢) بەشەوانە هەژمار دەکرێت.

٥- دەکرێت مامۆستای پیشەیی وانەی تیۆری و کرداری یاخود تەنها یەکێکیان بڵێتەوە.

٦- لە وانەی کرداری مامۆستایی یاریدەدەر بە هەمان شێوە (٢) بەشەوانەی بۆ هەژمار دەکرێت لە خشتەی بەشەوانەکان .

٧- پێویستە بۆ هەروانەیەکی پەروەردەی پیشەیی (تیۆری و کرداری) دوو مامۆستا بە یەکەوە وانەکە بڵێنەوە، دەست نیشان کردنی مامۆستای سەرەکی و مامۆستای یاریدەدەر بکرێت لە خشتەی بەشەوانەکان.

٨- لە کاتی بوونی بەشەوانەی بەتاڵ (شاغر) لە هەر قوتابخانیەکدا، پێوستە بە شێوەی (تەواو کردنی بەشەوانە یان وانە بێژی(محاضر) پڕ بکرێتەوە یان گۆڕینی ناوونیشانی فەرمانبەر بۆ مامۆستا یان دامەزراندن) ی مامۆستای تازە پڕبکرێتەوە .

**ماددەی (٦): سەر پەرشتیكردنی پەروەردەیی:**

١- سەرپەرشتیارانی پەروەردەی پیشەیی سەرپەرشتی باش بەڕێوەچونی دەوام و كوالێتی خوێندنی پیشەیی لە بەشەكانی پەروەردەی پیشەیی دەكەن.

٢- پێشنیازی كردنەوە و لێكدان و گواستنەوەی بەشەكانی پەروەردەی پیشەیی.

٣- پێشنیازی دانانی یاریدەدەری پیشەیی بەپێی رێنمایی.

٤- ڕیكخستنی میلاك و دابینكردنی میلاكی پێویست بەهەماهانگی لەگەڵ بەڕێوەبەر و یاریدەدەری هونەری.

٥- ڕێكخستن و سەرپەرشتی كردنی چالاكی و پێشانگاكان.

٦- كات و شێوازی سەردانی كردنی سەرپەرشتیاران لە لایەن یەكەی سەر پەرشتی كردنی پەروەردەی پیشەیی رێک دەخرێت.

٧- ڕینمایی كردن و بەدوا داچوون و هەڵسەنگاندنی مامۆستایانی پیشەیی .

**ماددەی (٧): كردنەوە و داخستنی بەش:**

بۆ كردنەوەی هەر بەشێكی نویٚ پێویستە ئەم پێداویستانە دابین بكرێت:

١- پێویستە ئەو بەشە نوێیە گونجاو بێت لەگەڵ پێویستی بازاڕ وسەردەم.

٢- شوێنی پێویست و گونجاوی بۆ دابین بكرێت.

٣- مامۆستای پێویست و شارەزای هەبێت.

٤- پرۆگرامی خوێندنی بۆ ئامادە بكرێت.

٥- كەل وپەل و ئامێر وپێداویستی بۆ تەرخان بكرێت.

٦- فەرمانی كردنەوە و داخستنی بەش لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگادا دەبێت.

**ماددەی (٨):**

**أ – دارایی :** داهاتی پەروەردەی پیشەیی بەپێی رێنماییەكانی دارایی و رێنمایەكانی پرۆژەكانی بەرهەمهێانان دەبێت :

١- دابین كردنی بودجەیەک بۆ مەشق و ڕاهێنانی كرداری ساڵانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەكان.

٢- فرۆشتنی بەرهەم لە پێشانگەكاندا.

٣-بەخشش و دیاری بێ مەرج لە لایەن هاووڵاتیان و ڕێكخراوەكان.

٤- بڕی پارەی تەرخانكراو لە پەروەردەكان.

**ب- خەرجیەكان:** پێویستە داهات بەم شێوە خەرج بكرێت :

١- پێكهێنانی لیژنەی خەرجی لە (٣) مامۆستا یەكێكیان دەبێت بە سەرۆک.

٢- كار بە ڕێنماییە داراییە كارپێكراوەكان دەكرێت.

٣- بەپێی پێویستی بەشەكان خەرج دەكرێت.

**ماددەی (٩): پرۆگرام:**

١- جیاكردنەوە (پۆلینكردن) ی پرۆگرامەكان بۆ قۆناغەكانی خوێندن.

٢- دەبێت یەك پرۆگرامی خوێندنی پیشەیی لە پەروەردە پیشەییەكاندا هەبێت.

٣- دەبێت پرۆگرام بۆ هەموو بەشەكانی پەروەردەی پیشەیی هەبێت.

٤- پێویستە پرۆگرامەكان جەخت بكەنەوە سەرلایەنی كرداری و تیوری.

**ماددەی (١٠): تاقیكردنەوە و نمرەكان:**

١- كاتی تاقیكردنەوەكان دیاری دەكرێت لەگەڵ خشتەی وانەكانی تاقیكردنەوەی وەرزەكان.

٢- نمرەكان بەپێ ی سیستەمی فێركردنی بنەڕەتی دەبێت.

٣- تاقیكردنەوەی كرداری پێش تاقیكردنەوەكان دەكرێت لە ناو بەشەكاندا.

٤- بەپێی ئەو بەشانەی كە لە قوتابخانەكان هەیە و دەخوێنرێت نمرەكان بە یەكسانی دابەشدەكرێت بەپێی بەشە پیشەییەكان.

٥- نمرەی تاقی كردنەوەكانی پیشەیی وەك نمرەی بابەتەكانی تر هەژمار دەكرێت.

**ماددەی (١١):**

**أ - پێشانگەی پەروەردەی پیشەیی:**

١- چوار ساڵ جارێك پێشانگە لەسەر ئاستی هەرێم دەكرێتەوە.

٢- ساڵانە پێشانگە لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە بكرێتەوە لە كاتی گونجاودا.

٣- دابین كردنی هۆڵێك لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەكان و هەموو تایبەتمەندییەكانی پێشانگەیی تیادا بێت بتوانرێت بەرهەمی ساڵانەی تیادا كۆبكرێتەوە.

٤- پەروەردەی پیشەیی قوتابخانەكان دەتوانن بەرهەمەكانیان لە چالاكی قوتابخانەكانیان نمایش بكەن بەمەرجێك كارنەكاتە سەر لاوازكردنیان لە پێشانگەی ساڵانە.

٥- لیژنەی تایبەت بۆ سەرپەرشتی كردنی پێشانگەیی ساڵانە لە سەرەتای ساڵی خوێندن دروست بكرێت كارەكانیان بریتی بێت لە (دانانی پلان و دیاری كردنی كات و شوێن و پێداویستی هۆڵەكە - دابینكردنی خەرجی)

٦- بە پێی رێنماییەكان لە فرۆشگای قوتابخانەكان پێداویستیەكانی پەروەردەی پیشەیی دیاری دەكرێت.

٧- داهاتی پێشانگەی پەروەردەی پیشەیی بۆ قوتابخانە بەشدار بووەكان دەبێت بەپێی ڕێنماییەكان.

٨- لیژنەی هەڵسانگاندن بەسێ پلەی جیاواز (نایاب – زۆر باش – باشە) هەڵسەنگاندن بکرێت لە پێشانگا لەسەر ئاستی هەرێم و ئاستی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە.

**ب- لیژنەی هەلسەنگاندن بۆ پێشانگە لەسەر ئاستی هەرێم:**

لە نوێنەری وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکانی بەشداربوو لە کەسانی بەئەزموون و پسپۆر پێک دێت.

١- بەرێوەبەری فێرکردنی پیشەیی لە وەزارەت سەرۆکی لیژنەکە دەبێت.

٢- ئەندامەکان بەهەمەهانگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان دادەنرێن.

٣- لیژنەکە بنەماکانی هەڵسەنگاندن بەشێوەی فۆرمێک دیاری دەکات و بەشداربووان لە بنەماکانی ئاگادار دەکرێنەوە.

**ماددەی (١٢):** ئەم ڕێنماییە دەچێتە بواری جێبەجێ کردن دوای بڵاو بوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**ئالان حمه سعید**
**وەزیری پەروەردە**

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم ڕێنماییە**

بە مەبەستی گرینگی دان بە خوێندنی پیشەیی بە گشتی پەروەردەی پیشەییەکان بە تایبەتی، هەوڵدان بۆ کردنەوەی زۆرترین بەشی پەروەردەی پیشەیی ئەم ڕێنماییەمان دەرچواند .